# بەفرەلۆك

دڵشاد عەبدوڵڵا

قوتابخانەکەمان دوو نهۆمی بەرزو حەوشەیەکی گەورەی هەبوو، نیوەی چیمەنتۆو نیوەکەی تری گڵ بوو، من حەزم لە پیاسەی ناو حەوشە گڵەکە بوو، بەتایبەتی کە لەوێوە چیای سەفین بەجوانی لەو دوورەوە دیاربوو.هەوایەکی پاك لەلای باکوورەوە دەهاتو هەناسەمانی پڕدەکرد لە بۆنێکی خۆش، بۆنێك کە ئێستا نازانم هی چی بوو؟ هی گوڵە پرتەقاڵیماڵەکانی دەوروبەری قوتابخانە، یا هی دەشتو دەربوو دەهاتە ناو شارو یەکەم جار بەر لووتو هەناسەی ئێمە دەکەوت! لەبەر ئەوەی لە ماڵەوە شوێنی خوێندنم زەحمەت بوو، بۆیە دوای دەوامیش پشوویەکی کەمم دەداو ئیتر بۆ خوێندن دەچوومەوە هەمان قوتابخانەو لەبن دیوارەکان دا بەهاتووچۆ دەرسمان دەور دەکردەوەو چەند برادەرێکیشمان دەدیو لەکاتی پشودا قسەوباسی جۆراوجۆر دەهاتە گۆڕێ. ڕۆژێکیان برادەرێك دەفتەرێکی شیعری فەرید زامداری بۆ هێنام کە بەدەست خەتێکی جوانو بەجۆرەها ڕەنگ نووسرابووەوە، خوێندمەوە. پێدەچوو هەموویان چوارینە بنو لاسایی ئەو شاعیرانەی تێدا کردبێتەوە کە چوارینەیان نوسیوە، بەگشتی شیعرەکان دڵداری بوون. پێدەچوو ئەو کات فەرید تازە دەستی بەشیعر نووسین کردبێ، چونکە لەو دەستنووسە ئەو هێمایە دیاربوو. لەو ماوەیەدا هەندێك لە دیوانی شاعیرانی کلاسیکی کوردم خوێندەوە لەگەڵ دیوانێکی کامەران موکری. دواتر بۆ خوێندن دەچوومە کتێبخانەی گشتی کتێبی زۆرترو هەمە جۆرترم دەست کەوتو کتێبەکانی سەلامە موساو هەندێك لە دیوانەکانی بەدر شاکر سەیابو بەیاتیو نزار قەبانیم خوێندەوە. کە عەبدوڵڵا پەشێویشم ناسی سوودی زۆرم لە کتێبخانەکەی وەرگرتو لەوێ هەندێك کتێبی مەنفەلوتیو چیم دی ئەحمەد خواجەو فرمێسکی نهێنی جەمال شاربازێڕیو هەندێك لە کتێبەکانی جەبران خەلیل جەبرانم خوێندەوە. برادەرایەتیم لەگەڵ عەبدوڵڵا پەشێودا لە قۆناغی ئامادەییدا دروست بوو. پەشێو بۆ من هێمای شاعیریەتی بوو، چ لە قسەکردنو هەڵسوکەوتو چ لە نووسیندا. زمانێکی پاراوو ڕەوانو بێ گرێ، ڕستەکانی کورتو پڕ، بەئاسانی دەچوونە دڵو بەزەحمەت دەهاتنە دەرێ. ئەو بەتەمەن لەمن گەورەتر بوو، بەڵام زۆر ڕووخۆشو متوازیع بوو، ئەوەندەم هەوەس پێ دەهات کە گوێی لێ دەگرتم کاتێك ڕاو سەرنجێکی خۆم دەردەبڕی، یا گفتوگۆم دەربارەی بابەتێك درێژە پێدەدا. دوورکەوتنەوەی پەشێو لە تەمەنێکی زوودا لە هەولێر زیانێکی زۆری بەباری ئەدەبی ئەو شارە گەیاند، ئەگەرچی کەسایەتی پەشێو وەکی هەموو هەولێریەکی تر لێوانلێو بوو لە نامۆییو جۆرێك لەشەرمو گۆشەگیریو هەر ئەوەش وای لێکرد نەتوانێ پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەدیبانی ئەو شارە پەرەپێبدات، ئەویش دواجار بچێتەوە ناو بازنە سووتێنەرەکەی نامۆییو دوورو نزیك بایەخ بەوانەش نەدات کەلە دوای ئەو لە شارەکەیدا شیعریان هەڵگیرسانووە لەناو شەوەزەنگی بێدەنگیدا.

پەشێو لە شیعردا ڕووی دەمی لەکۆ بوو، بۆ کۆ دەینووسی. لەدەرەوەی خۆیدا دۆن کیخۆتە بوو. شمشێری لەڕووی زوڵمی کۆمەڵایەتی هەڵکێشا بوو، لەڕێی موعاناتی عەشقو دڵدارییەوە گرفتەکانی لەگەڵ دەسەڵاتە باوەکان گەیشتبووە لوتکە. پەشێو شاعیرێکی یاخی بوو لە بەرانبەر ئەو زوڵمەی یەکەمجار لەخودی خۆی کرابوو، بارتەقای ئەو زوڵمە شیعری دەهۆنیەوە. لای ئەو هاوکێشەی (ژن-نیشتمان) فرە ڕەنگو فرە مەعنابوو، بەڵام کام ژنو کام نیشتمان؟ ژنێك کە پەشێو لەژیانی خۆیدا وەفاو خیانەتەکانی دەبینێ، بێدەربەستیو هەڵخەڵەتاندن و ڕاستگۆییەکانی، پەشیمان بوونەوەو گەڕانەوەکانی، نیشتمانیش بەهەمان شێوە. هەر تەنیا ئەو ئاڵایە نەبوو کە بەدەستی شۆرشگێڕێکەوە دەشەکایەوە، بەڵکو ئەو شمشێرەش بوو کە بەسەر تەوقی سەرەوەو هەردەم هەڕەشەی مردن دەکا. نیشتمانیش پەیمان دەبەستێو پەژیوانیش دەبێتەوە، ڕۆڵەکانی داڵدە دەداو بێ لانەشیان دەکا!

پەشێو هەمیشە وەکی گوڵە بەڕۆژە ملی لارکردۆتەوە بەرەو لای ژنو نیشتمان.